# بۆچیی دەرکردنی هەشتا هەزار خێزانی تەعریب ئینسانییە ؟

خەتاب سابیر
khatabs@hotmail.com

خۆشبەختانە ، پێ ناچێت عێراق, جارێکی تر هەوێن بکرێتەوەو بە شێوەیەکی کاتییش بێت بمەیێتەوە. بەپێی دیاریدەکان و دەرکەوتەکانی گلۆبالێزەیشن و پێداویستیی و هەلومەرجە سیاسییەکانی پەلهاویشتنی ئەم هێجەمۆنییە سیاسیی و ئابوورییە بێت ، نەک هەر عێراق ، بەڵکو بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێ سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە، دۆکترینی کۆمارییەکان و ئیدارەی ئێستای ئەمێریکیی، بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە ناوزەد کراوە ، جگە لەسەرەتایەکی بچووکی ئەو پرۆژە دوور مەودایە ، شتێکی تر نییە . ڕاستە ئەمێریکا و کۆمپانیا دەستدرێژەکانی ڕۆژئاوا لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی خۆیاندا و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەپلەی یەکەم، ئەم پرۆژە سیاسیی و تێکهەڵشێلانە جووگرافیاییانە دەکەن، بەڵام کورد دەتوانێت باشترین هەل لە درێژەی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا بەقازانجی خۆی و دابینکردنی یەکەمین کارتی خۆناساندن لە هاوکێشەکانی پەیوەندیی نێونەتەوەییدا بەدەست بخات ، کە ئەویش کارتی ناسنامەیە، بەبێ ناسنامەش، دەوڵەت و سەربەخۆیی بوونێکی نەبووەو نییە.

کورد ، چ وەکو گەل و چ وەکو بزوتنەوە سیاسیی و چەکدارییەکەیشی ، هەلومەرجی وەکو ئێستای لەژیانی سیاسیی خۆیدا بۆ هەڵنەکەوتووە. ئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد، کەمتەرخەم بووە و کڵۆڵ بووە لە ئاست لووشدانی هەلە سیاسییەکاندا، باسێکی ترە. بەڵام هەموو ئارەزووە سیاسییەکانی گەلی کورد ، هەموو خواست و داواکارییەکانی کورد بەجێی خۆی ، کەرکوکیش بەتەنها بەجێی خۆی. بەواتایەکی تر ، نەسەربەخۆیی بۆ کوردستان، بەبێ کەرکوک، دەهاوێژرێ . نەسەربەخۆیی کوردستانیش بەبێ کەرکوک مانایەکی سیاسیی و بەهایەکی جووگرافیی دەبێت. هەر ڕیفراندۆمێکیش بۆ سەربەخۆیی کوردستان ، سەربەخۆیی کەرکوکیش نەگرێتەوەو کەرکوک لەکوردستاندا جێگیر نەکات، ڕیفراندۆمێکی ئیفلیجەو سەرئەنجام دەپووکێتەوە.

کەرکوک ،تێڕامانێکی فەنتازیی نییە ، سرووشێکی ئەفسانەیی نییە، تا هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و جەماوەرییەکانی عێراق، بگرە زۆربەی کەسایەتیی و سیاسییەکان و ڕووناکبیرانی عەرەب ، کەم و زۆر لەسەری هاتوونەتە دواندن،بەدڵنیاییشەوە ،لەبەرچاوتەنگیی و شۆڤینیزم بوونیانەوەیە نەک لە شتێکی تریانەوە . لەم ڕوانگەیەوەیە ، کە کەرکوک سەروەرییەکی سیاسیی بێ وێنەیە بۆ کوردستان ، هیچ کەسێک جەرائەتی ئەوە ناکات ، لە گرنگی و هەستیاریی کەرکوک کەمبکاتەوە.ئێستا بۆ گەلی خێر لەخۆنەدیوی کورد، زۆر ڕوون و ئاشکرایە کێ دۆستییەتی وکێ دوژمنییەتی. بۆچوونم وایە،هەر کەسێک باسی مافی چارەی خۆنوسینی کورد و مافە سیاسییەکانی کورد بکات، بەسادەترین شێوە ،بۆچوونەکانی بە پێوانەی سیاسیی و مۆراڵی سیاسیی لە کەرکوکدا دەقەبڵێنرێ! و بەدەردەکەوێ! کە چەند تای گەلی کورد و ئازارەکانی دەگرێ و لەچەمکەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتیی و ئازادیی گەیشتووە .

دەبووایە بۆ هەموو کەس هەبووایە ، قسە لەسەر کەرکوک بکات، بەڵام سیاسییەکی تەعریبەکانی کەرکوک، نووشتە و فاڵ نەگرێتەوە بۆ ئەوەی بۆ ئەوەی خەڵکی کەرکوک بەدەردی شاری کۆسۆڤۆ نەچن؟!،( کلیکی ئەم لینکە بکە http://www.dengekan.com/doc/2005/4/erfan26.pdf ) . لێرەوەیە کارەساتەکان بە ئاوەژوویی و چەواشەیی دەخوێنرێتەوە. کارەسات لەوەدایە بە شێوەیەکی ڕۆمانسییانە داوا بکرێ بۆ ئەوەی کەرکوک خەڵتانی خوێنی نەتەوەکان نەبێت ، لەولاشەوە خۆت بدزیتەوە لە شێرپەنجەی تەعریب و تەعریبەکان و هیچ ئەڵتەرناتیڤیکی سیاسیشت پێ نەبێ . شینی ئەم سیاسییە ، ئەوەیە کە هەشتا هەزار خێزانی عەرەبی هاوردە، هەشتا هەزار خێزان

که سەرچاوەی هەموو فیتنەو ئاژاوەیەکن لەکەرکوکدا،( بەفاکتەوە نەک لەگیرفانەوە )، دەگێردرێنەوەو خۆی و خێزانەکەیشی بەردەکەوێت .

زۆربەی هەرەزۆری ئەو تەعریبانە کەشیعەن ، سەر بەلایەنە ئیسلامییەکانی بزوتنەوەی شیعەن ، پێشتریش بەشێکی زۆریان کۆنەبەعسیی بوونە، ئامادەن لە گەڵ هەموو لایەن و دەوڵەتێکدا دەست تێکەڵ بکەن بۆ ئەوەی شاری کەرکوک ئاسایی نەکرێتەوەو ئەوان لەکەرکوکدا دەرنەکرێن . ئەمەیە کە مشعان جبوری و غازی یاوەر و خالید قشتینیی و مارکسییەکی عەرەب، هەرهەموویان پێکەوە دەچنە یەک سەنگەرەوەو تەقە لە تەپە و شۆڕیجەو ڕەحیماوا دەکەن . بەڵێ ، مرۆڤی خاوەن ویژدان ، ئەگەر کەمترین ویژدانی سیاسیی و مۆراڵی سیاسیی تیادا هەبێت ، دەبێت ، خوازیاری ئەوە بێت کەکەرکوک ئاسایی بکرێتەوەو شەڕی نەتەوەکانی تیادا ڕوونەدات، کە پتر لەدوو ساڵە، سەرەڕای باڵادەستیی سەربازیی و سیاسیی کورد، لەسەر بورکانێک کینەو بێزاریی گەلی کورد لەنگەری گرتووە. بەدڵنیاییەوە ، یەکێک لەو فاکتەرانەی کە چووە خزمەتی پرۆسەی پاکتاوی نەژادیی کوردەوە، هێنانی دەیان هەزار خێزانی عەرەب بوو ، بۆسەر ماڵ و ژیانی تاکی کورد، کە حکومەتی شۆڤینیستی بەعس، دژی کورد، لەچوارچێوەی سووتماکردنی خاکی کوردستان و گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری کەرکوکدا دەیکرد. ئاخر، ئەم سیاسییە بەناو مارکسییانە ، جگە لەناشیرینکردنی بیروبۆچوونی چەپ و سۆشیالیزم و مارکسیزم لەکوردستاندا بەگشتی و لەکەرکوکدا بەتایبەتی، چیتریان چنیوەتەوە!.

وتارێکی وەرگێردراو لەعەرەبییەکی بێ پێزو ڕەشۆکییەوە بۆ کوردییەکی چەکل و پەکل ، کە مەگەر هەر ئەوان بزانن پێی بنووسن و بەو زمانە جەڕاوە سووکایەتی بە قوربانییەکانی گەلی کوردستان و کەرکوکییەکان بکەن . سیاسییەکی ئەو گرووپەی کە هەرگیز نایەوێ گوێ لە ژانی شاری کەرکوک بگرێ،خۆی لە تەعریبەکانی شاری کەرکوک بێت و پێش نوێژیش بۆ ئیسلامیی و بەعسییەکانی تر بکات لەناو تەعریبەکاندا ، ئەمە نەسووکایەتییەو نە بوختان و درۆ هەڵبەستنە ، ئەمە ڕاستییەکە ئاو لێڵ ناکات، یاروو سیاسییەکی ناو تەعریبەکانە ،کەچیی ئامۆژگاریی دەداتە خەڵکی کەرکوک و مەترسی شێواندنی حەتحەتۆکەی منداڵانەو هەڵماقۆ و یاری منداڵانەی گەڕەکەکان ،بەگوێی خەڵکی کەرکوکدا دەدات . دەیەوێ بەم باڵۆرو شین و شەپۆڕەوە مەسەلەیەکی سیاسیی سەخت، کە بوونی نەتەوەیەکی پێوە بەندە ،ئەنفال بکات . کەرکوکێک کەگەلی کوردستان بەئەندازەی بیرە نەوتەکانی خوێنی لێ ڕۆیشتوە، کەرکوکێک هەزاران کادیری سیاسیی و دەیان پێشمەرگەی سەرکردەی کردووە بەقوربانیی، هەزاران زیندانی سیاسیی دەستە دەستە بەدیاریی کردووە بەقوڕگی قەسابخانەکانی بەعسدا ، کەچیی سیاسییەکی مارکسیی، بەفایلێکی گەورەی تەعریبەوە ئەندێشەکانی خۆیمان بۆ شیکار دەکات و پێمان دەڵێت لەبەر خاتری منداڵە تەعریبەکان ، با دەست لە پرۆژە سیاسییەکانی بەعس و عەرەب و ئیسلام نەدەین .

لەچێکردنی عێراقەوە ، کورد وەکو نەتەوە، وەکو تاک ، بەگشتی و کەرکوک بەتایبەتی، کەرامەتی دەخرێتە ژێر چەکمەو پۆستاڵی داگیرکارانەوە و هەتکی جوگرافیاو سروشتەکەی دەکرێت و زمانی کوردیی تیادا قەدەغە دەکرێ و بوونی کوردی تیادا تەحریم دەکرێ ... لەپرۆسەیەکی دوورو درێژدا هەتا کەوتنی ئەبوجەعفەر ئەلمەنسورەکەی بەغداد، ئەم تەعریب و سیاسەتی ڕاگواستن و دابڕان و هەتک کردنە هەر درێژەی هەبووە. ئێستاش لەژێر ناوی مارکسیزم و چەپ بووندا ، دیفاع لە پانیسلامیزمی عەرەبیی و پانیسلامیزمی شیعە دەکرێت ، داکۆکیی لەمانەوەی ئەوانە دەکەن، کە لەشەڕو بەڵاو ئاژاوە زیاتر ، شێتکی تریان نەهێناوەتە کەرکوکەوە. داکۆکیی لەوانە دەکەن کە سیستانی و موقتەداسەدر خەونیان پێوە دەبینن کە بتوانن جێکەوتە بن و قەڵەمڕەویی ویلایەتی فەقیهی شیعەی پێ مکۆم بکەن .

بەم ڕەچەتانەوە، سیاسییەکی ناو تەعریبەکان، کە دەیان ساڵە لەناو کورددا دەژیت و پێی شەرمە دوو ڕستەی کوردیی بەزاردا بێت ، ئەگەر غروری نەتەوەی سەردەست ڕێگای پێ دابێت،تەنانەت ئەو دوو ڕستەیەش فێر بوبێت ، سۆزو عیشوە دەنوێنێ بۆکەرکوکییەکان تا بیر لەوە نەکرێتەوە کە تەعریبەکان دەربکرێن. نووسەری وتار خۆی لە

**لیستی تەعریبەکاندا بێت، خۆی فایلی تەعریبی هەبێت ، خۆی جێبەجێکەری سیاسەتەکانی عەلی کیمیاویی بێت، خۆی بۆ دەهەزار دینار هاتبێتە سەر ژیان و گوزەرانی کەرکوکییەکان، ئێستاش بەهەزارو یەک شێوە خۆی و ئەوانەی لەو بەندەری واق واقەی ئەوی لێ نیشتەجێیەو وەکو ئەو بیردەکەنەوە ، بە تەعریبەکان دەڵێن ، یەخەی کەرکوک بەرمەدەن، کەرکوک موڵکی کورد نییە، سیاسەت و ڕۆمانسییەت و کرۆزانەوە تێکەڵ دەکەن و دەڵێن ، نەوتی کەرکوک ئەوەندە زۆرە، بەشی چەندین جار ئەندازەی خەڵکی ئێستای کەرکوک دەکات!. کەرکوک شارێکی ئینسانییە ! شاری تەعریبەکانە،شاری بەعسییەکانە،شاری تێرۆریستەکانە،شاری بن لادنەکانە،شاری ئەنسارولسونەکانە ، هەموویان مافی بێ ئەملاوئەولایان هەیە بمێننەوە و کەس بۆی نییە کەس دەربکات ! بەڵام دەمیان گێڕ دەبێت ئەگەر بڵێن کەرکوک شارێکی کوردستانییە، ناسنامەی کوردستانیی هەیە، دەکەوێتە جووگرافیای سیاسیی کوردستانەوە ! .**

**بەم پێودانگە سیاسییانە بێت، دەڵێم بەڵێ بۆ دەرکردنی عەرەبە تەعریبەکانی کەرکوک ، بەبێ گەڕاندنەوەی ئەو تەعریبانەی کەرکوک بۆ شوێنەکانی خۆیان ،یان هەرشوێنێکی تر کەپێیان خۆشە جگە لەناوچە تەعریبکراوەکانی کوردستان ، ئەوا کەرکوک وەکو بەرمیلێک بەنزین وایە لە نزیک دەروازەی کوورەیەک ئاگرەوە دانرابێت ، هەر کاتێک بتەقێتەوە ، یەکەمین تاوانباران ، تەعریبەکانن و ئەوانەی داکۆکیشیان لێ دەکەن. باشتر وابوو ئەم سیاسییە خەمخۆرانە ، بیریان لەوە بکردایەتەوە، کە ئەگەر دەیانەوێ شەڕی کۆسۆڤۆ و جەنگی نەتەوەکان لەکەرکوکدا نەقەومێ ، با پۆتی کەڵەگایی شۆڤینیزم و نەتەوەی سەردەست ، بەگەڕاندنەوەی هەشتا هەزار خێزانی تەعریب بشکێنن . لەکاتێکدا هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکن ، کە ئەو دەیان هەزار تەعریبە ، زیانەکانی هەڵکەندن و گوزەرانیان بۆ بژێردرێتەوە بە زیادیشەوە، کەچی سەدان هەزار کورد لە کەرکوک و گەرمیان و خانەقین ودووز و شەنگار....هتد دەرکران ، پارەی فانۆسێکیشیان نەدرایە،ئیتر ئەم موزایەدەکردنە بەسەر خەڵکی کەرکوکدا بە پاشخانی تەعریب بوونەوە، بە پاشخانی فایلی تەعریبەوە، جگە لەسووکایەتیکردن بە هەموو گەلی کوردستان و کەرکوکییەکان ،شتێکی تر دەگەیەنێت!.**

**باشتر نییە، بەتەعریبەکان بڵێن ، ئێوە کۆمەڵێ کەسن ، کەس لەکەرکوکدا ، ئێسکی ئێوەیان ناوێت،ڕەنگ و دەنگی ئێوەیان ناوێت، ئێوە زۆر کێشەیەکی گەورەن لەم شارەدا، ئێوە سەرچاوەی بەڵایەکی چاوەڕوانکراون و سەرچاوەی ئەو کارەساتە خوێناوییانەن کە بەر بە ژیانی خەڵکی کەرکوک دەگرن، سیاسیی تر و گونجاوترو شیاوتر نییە، هانی عەرەبە تەعریبکراوەکانی کەرکوک بدرێ بۆ گەڕانەوە بۆ جێگای خۆیان و چیتر لەسەر ورگی خەڵکی کوردستان نەخۆن و نەخەون . ئینسانیی تر نییە، سیاسەتی داگیرکارانەی بەعس و جینۆساید و تەعریب و ڕاگواستن لەڕەگوڕیشەوە هەڵکەندرێن و بارودۆخەکان لای کەم بگێڕدرێتەوە دۆخی سیی ساڵ لەمەوبەر. مرۆڤدۆستانەتر و ژیرانەتر نییە، بە عەرەبە تەعریبەکان بڵێی ئێوە میوان نین، خەڵک ڕێزتان ناگرێت، ئێوە وەکو جاش سەیردەکرێن، فەرموون، موعەزەزو موکەڕەم بگەڕێنەوەو یەخەی خۆشتان و یەخەی کەرکوکیش بەربدەن . سەرئەنجام ئینسانیی تر نییە ، بڵێین بەڵێ بۆ دەرکردنی تەعریبەکان بەیاسا، ئەگەر جێبەجێیان نەکرد و ملیان نەدا ،هەر بەزەبری یاسا دەربکرێن،ئەگەر هەر جیرەیان کردو بۆ پارەی زۆروزەوەندی عێراق وڕگی زیاتریان گرت، بۆ ئەوەی پارەی چاکتریان بدرێتێ ، ئەوساش هەر بەیاسا دڵیشیان نەشکێندرێ و دەریش بکرێن. ئەوان بۆ پارە هاتوون و هەر بەزەبری پارەو تۆبزیی یاسا دەگەڕێنەوە .**